Saladin University – Erbil
College of Education
Special Education Deportment
Fourth Class - Diversity

زانکۆی سەلاحەدین هەولێر
کۆلیژی پەروەردە
بەشی پەروەردەی تایبەت
قۆناغی چوارەم / پەروەردەی فرەیی


سـالّی خوێندن (٢٠٢٢ ٢٠٢٣)

3

# Diversity

## كۆمەڵگەی مەدەنی
## المجتمع المدني


د. مهدی عباس
پرۆفیسۆری یاریدەیدەر






# کۆمەڵگەی مەدەنی

**دەروازە:**

کۆمەڵگەی مەدەنی بۆتە بەشێکی گرنگ لە ئامرازەکانی گۆڕانی کردەیی و چالاك لە ژیانی کۆمەڵگەکاندا، هەروەها بیرمەندانی ئەم بوارە پێیان وایە کۆمەڵگەی مەدەنی بۆتە بابەتێکی جیهانی و بەشێك لە ژیانی کۆمەڵگە سەردەمییەکان، ئەرك و رۆڵی هەیە لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی و ئابووری و بەشدارە لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی و رۆڵی کارایی هەیە لە چاودێری بەسەر دەوڵەت و هەرسێ دەسەڵاتەکە و دامەزراوەکانی و دەستوور و هەڵبژاردنەکان و بازاڕی ئازاد، و چاودێر و پارێزگارە لە ئازادی دیموکراسی و مافی مرۆڤ، و یەکسانی دادپەروەری و مافی هاولاتیبوون و ژینگە و بەشداری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و مافی کەمینەکان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و یارمەتی دانی هەژاران و لێقەوماوان و باشکردنی گوزەران و گەشەپێدانی هەمەلایەنە و چارەسەرکردن و نەهێشتنی ناکۆکی و ململانێکان بە رێگەی پشتیوانی و بانگەشەی بەشداری و دروستکردنی پاڵەپەستۆ و دانانی ئالیەتی پێویست.

بە مەبەستی زیاتر ئاشنا بوونمان بە کۆمەڵگەی مەدەنی و چەمکەکانی تایبەت بە بواری کۆمەڵگەی مەدەنی، بە پێویستمان زانی بە شێوەیەکی خێرا تیشکێك بخەینە سەر هەر یەك لەم چەمکانە، وەك لە خوارەوە بە کورتی ئاماژەمان پێکردووە:

**کۆمەڵگە :**

کۆمەڵگە بریتییە لە کۆمەڵە کەسانێك پێکەوە دەژین لە شوێنێکی جوگرافی دیاریکراو، کەلتوور و زمان و مێژووی هاوبەشیان هەیە، کۆمەڵێك پەیوەندی و کارلێکی کۆمەڵایەتی و بەرژەوەندی هاوبەش و هاریکاری و وابەستەیی لە نێوان تاکەکاندا هەیە، ناسنامەیەکی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە جیایان دەکاتەوە لە کۆمەڵگەکانی دیکە.

**مەدەنیەت:**

بریتییە لە هەموو ئەو پێشکەوتن و دەستکەوتانەی کە لە کەلتووری کۆمەڵگە دروست بووە بە هەردوو لایەنی ماددی و مەعنەوی لە بوارەکانی سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ژینگەیی و پێشکەوتنی بیرکردنەوەی مرۆڤـ، بۆ دەستبەردار بوون لە رەفتارە نەرێتییەکان (نەرێنی و چەق بەستووەکان)، کە پەیوەستە بە شێوازی ژیانی هەر کۆمەڵگەیەك و لە رواڵەتەکانی ژیانی رەنگ دەداتەوە.

**کۆمەڵگەی مەدەنی:**

بریتییە لەو کۆمەڵگەیەی کە تاکەکانی شارستانیانە رەفتار دەکەن و ئاستێکی بەرزی رۆشنبیریان لە بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ژینگەیی و کولتووری هەیە، خۆبەخشانە بەشێوەیەکی کۆمەڵەی رێکخراوەیی کاردەکەن لە سنووریی دامودەزگا و رێکخراوە و سەندیکاکان، کە سەربەخۆییەکی رێژەییان هەیە لە دەسەڵاتی دەوڵەت، بۆ پاراستنی بەرژەوەندی گشتی و مافەکانی مرۆڤـ، لە هەژموونی دەسەڵاتی سیاسی و بازاڕ، چاودێر و بەشدارە لە پرسە گرنگەکانی پەیوەست بە ژیانی کۆمەڵگە و هەوڵی پراکتیك بوونی دیموکراسی و فرەڕەنگی و دەنگی دەدات، هەروەها پارێزگارە لە ئازادییە گشتی و تایبەتیەکاندا لە کۆمەڵگەدا.

## کۆمەڵگەی مەدەنی و هەرێمی کوردستان :

بێگومان کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەرێمی کوردستانیش یەکێکە لەم کۆمەڵگایانە، کە ئەمرۆ بەپێی پیشکەوتن و توانای خۆی لە چەند لایەکەوە هەنگاوی ناوە بەرەو کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و رووبەڕووی چەندین ئاستەنگ بۆتەوە و هەروەك چۆن هەموو کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیون تا کۆمەڵگەیەکی مەدەنی پێشکەوتوویان بونیاتناوە. لەگەڵ دامەزراندنی یەکەم حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (١٩٩٢) یاسای کۆمەڵە و رێکخراوەکانی دەرکرد بە ژمارە (١٨) لە ماددەی یەکەمدا هاتووە (کۆمەڵە: کەسایەتی یەکە سیفەتێکی هەمیشەییان هەیە و بریتین لە چەند کەسێکی ئاسایی یان مەعنەوەی بۆ مەبەستێك کە قازانجی  ماددی تێدا نەبێ، هەموو یانە و رێکخراوە و یەکێتی و مەڵبەندی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و سەندیکا و دەزگای خێرخواز، کۆمەڵەن و ئەم یاسایە دەیان گرێتەوە). وە لە ماددەی پێنجەم لەهەمان یاسای سەرەوە هاتووە و دەڵێت: (پێویستە کۆمەڵە رێباز و هۆی دیموکراسی و ئاشتی بگرێتەبەرد بۆ بەدیهێنانی مەبەستەکانی بەپێی یاسای رەچاوکراو).  هەروەها لە ماددەی شەشەمدا هاتووە: (پێویستە کۆمەڵە مافی کۆبوونەوەو خۆپیشاندان و مانگرتن و ڤیستیڤاڵ و ئاهەنگ و سازدان و پەیداکردنی هۆیەکانی راگەیاندنی بەپێی یاسا پەیرەوکراوەکان هەیە).

لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت حکومەتی هەرێمی کوردستان  هەر لەگەڵ دامەزراندنیدا هەوڵی داوە کۆمەڵگەی مەدەنی لە رووی یاساییەوە لە کوردستاندا رێك بخات، بەڵام لە واقیعدا کێشەکانی ناوخۆ بوونە بەربەستێك لە پێش بونیاتنانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەرێمدا، هەرچەندە لێرەولەوێ هەوڵ دراوە، بەڵام نەتوانراوە ئامانجەکانی بپێکێت و تەنانەت چەندین رێکخراو کۆمەڵەکان تەنانەت هاوکاریە ماددییەکانیشان هەر لە پارتەکانەوە سەرچاوەی گرتبوو، لەولاشەوە خەلکانێك بۆ دەسکەوتنی ماددی هەوڵیان داوە کۆمەڵە دروست بکەن بێئەوەی هیچ چالاکییەکیان هەبێت.

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کابینەی پێنجەمی دا وەزارەتێکیشی پێکهێنا بۆ کاروباری کۆمەڵگەی مەدەنی و هەموو رێکخراو و کۆمەڵە و دام و دەزگاکانی لە ژێر یەك سەقف دا

کۆکردەوە و هاوکاری ماددی هەموویانی کردە مانگانە، دواتر لە پێکهێنانی کابینەی شەشەمدا لە کەمکردنەوەی وەزارەتەکان ئەم وەزارەتە نەما، بەڵام دەستەیەك بۆ کاروبارەکانیان هەیە، کە لە ناو وەزارەتی مافی مرۆڤـ، دا یە، لە لایەکی دیکەوە بە کرانەوەی هەرێمی کوردستان بەرەوە جیهانی دەرەوە رۆژ بە رۆژ کۆمەڵگەی مەدەنی کارا دەبێت و فیدراسۆنێکیان دروست کردووە، کە هەموویان لە ژێری کۆبوونەتەوە.

سەرەڕای هەموو ئەمانە کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستاندا هەنگاوی بۆ نراوە و لە کاتی ئێستاماندا توانیویانە لەسەر هەندێ بابەت داکۆکی بکەن، یەکێك لەوانە دەرچوونی یاسای رۆژنامەگەری کە رۆڵیان هەبوو لە دووبارە رەوانەکردنەوەی بۆ پەرلەمان و هەروەها لەسەر زۆر کێشەی تری وەك منداڵان و ئافرەتان و بەرنامە و راهێنان و کۆڕ و کۆبوونەوەکان هەیە، هەروەها لەسەر بابەتی خۆپیشاندان کە لە پەرلەمان دەرچووە .

لەلایەکی ترەوە بەشداری خەڵك لە هەڵبژاردنەکان و پرسە سیاسیەکان و شارەزابوونیان بە ژیانی مەدەنی و کەلتووری مەدەنیەت و هەوڵ دان بۆ خوێندن و خۆپێگەیاندن و رۆشنبیرکردن و بەشداری ئابووری و بازاڕی ئازاد و جوانکردنی سیمای شارو و زیادبوونی ژمارەی باڵەخانەو رەفتار و بەپێی یاسا و پاکوخاوێنی و رێزی ژینگە و پێشکەوتنی ئامرازەکانی راگەیاندن لە رای بەرامبەر و پێکەوەژیان و لێبووردەیی و هەوڵدان بۆ ژیانی دیموکراسی و هێنانە پێشەوەی ئافرەت بۆ بەشداری شان بەشانی پیاو و هەوڵدان بۆ یارمەتیدانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان .... تاد.

هەروەها رۆشنبیرانیش رۆڵ دەبینن و ئەرك و بەرپرسیارەتیان لەسەرە لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و رۆشنبیری و دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤـ، و دادپەروەری و کۆمەڵایەتی و یەکسانی رەتکردنەوەی هەژموونی حکومەت و کارکردن لە پێناو باشترکردنی رەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری . لەگەڵ دروستبوونی بیروڕای سیاسی جیاواز.

ئەمانە بە گشتی ئاماژە گەلێکن بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان لە هەنگاوی بونیاتناندایە، لە کاتی ئێستادا هەرێمی کوردستانی بە قۆناغێکی پڕ لە کێشەی سیاسی و ئابووری و پەیوەندی لەگەل حکومەتی ناوەندا تێدەپەڕێ، بەڵام لە ئاییندەدا

چاوەڕوان دەکرێت لە داهاتوودا . وە ئەوەی گرنگە بکرێت ئەوەیە: هەوڵێکی بێ وێنە بدرێت لە پێناو ئازادکردنی مێشکی مرۆڤ، و بونیاتنانەوەی بە شێوەیەکی ئازاد بێ ئەوەی هیچ سنوورێکی هەبێت لەوەی چۆن بیربکاتەوە، بە مەبەستی بردنی تاك بەرەو کۆمەڵگەیەکی مەدەنی، ئەمەش بەوە دەکرێت کە دەزگاکانی پەروەردە و ئامرازەکانی راگەیاندن رۆڵی سەرەکیان هەبێ لەسەر مرۆڤ، لە هەموو قۆناغەکانی ژیاندا، بۆیە پێویستە کاری بۆ بکرێت و تاك بەشێوەیەکی سەردەمیانە بونیات بنرێت تا کۆمەڵگەیەکی کۆمەڵگەی مەدەنی بونیات بنرێت، ئاشتی و ئارامی و یەکسانی و دادپەروەری و دیموکراسی بێتە کایەوە.

## تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی

کۆمەڵگەی مەدەنی چەند تایبەتمەندییەکی تایبەت بە خۆی هەیە، بە شێوەیەکی گشتی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی خۆی لە دوو شێوەی سەرەکی دەدۆزێتەوە:

**یەکەم: تایبەتمەندییە مادییەکان.**

تایبەتمەندییە ماددییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بریتیین لە :

١- لە رووی فرەیی دام و دەزگاکان : کۆمەڵگەی مەدەنی بە بوونی رێکخراو ودام و دەزگا هەمەجۆرەکانی کە هەر یەکەیان بە گوێرەی پسپۆری و کاری خۆی هەوڵ دەدات کار بۆ بەرژەوەندییەکانی چین و توێژەکانی کۆمەڵ بکات و لە رێگەی فشار خستنە سەر دەسەڵات لە دروستکردنی بڕیار بە گوێرەی ئامانج و بەرژەوەندییەکانی لە چواچێوەی یاسا کارپێکراوەکان.

٢- لە رووی سەرچاوەی داراییەوە: گرنگە سەرچاوەی دارایی لایەنێکی گرنگە لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی کارکردنی بۆ ئەنجامدانی کار و چالاکییەکان، کاتێك کە ئەم سەرچاوە داراییەی نەبێت ناچار دەبێت پەنا بۆ دەوڵەت ببات بۆ بەشێوەی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کە ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر لەدەستدانی یەکێك لە پێوەرە هەرە گرنگەکانی کە ئەویش (سەربەخۆیی و ئازادی)یە.

**دووەم: تایبەتمەندییە ئامادەزسازییەکان.**

١- **خۆبەخشی و ئازادی:** تایبەتمەندییەکی سەرەکیە لە کۆمەڵگەی مەدەنی، کە ئەندامانی ئازاد و سەربەخۆ بن لەوەی کە بە ویستی خۆیان و خۆبەخشانە بەشداری لە دام و دەزگاکامی بکەن، خۆبەخشی تایبەتمەندییەکە کۆمەڵگەی مەدەنی لە دام و دەزگاکانی دیکەی کۆمەڵگە جیا دەکاتەوە بۆ نموونە (خێزان، خێڵ ، تیرە، ... تاد). کە تاکەکان لە دەوری کۆدەبنەوە و پێویستە لەسەریان لێی دەرنەچن لە هەر بارودۆخێکدا بن، بەڵام لە کۆمەڵگەی مەدەنی تاك لە بڕیاردان ئازادە.

٢- **سەربەخۆیی:** کۆمەڵگەی مەدەنی بەوە دەناسرێتەوە، کە سەربەخۆیە لە دەسەڵاتی دەوڵەت، سەربەخۆیە لە دروستبوونی، لە رووی کارگێڕی و دارایی ورێکخستنەوە پشت بەخۆی دەبەستێت لە کارەکانی و بڕیار و هەڵبژاردنی سەرۆك لە زۆر کاتدا دەسەڵات هەوڵ دەدات لە یەکێك لە رێگانەوە دەست بخاتە کاروباری بە تایبەتی لە هەڵبژاردنی سەرۆك و ئەندامە سەرەکییەکان، هەرچەندە دام و دەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی سەربەخۆ بن سەربەخۆییەکانیان هەر رێژەییە، چونکە وڵاتان بە گشتی بە پێی پێشکەوتنی شارستانیان لە رێگەی دانانی یاساکانەوە سنووری کۆمەڵگەی مەدەنی دیاری دەکەن.

٣- **بێ بەرامبەری:** ئەم کۆمەڵگەیە بە دوای قازانج و سوود نی یە و هەوڵی بۆ نادات، تەنها لە هەوڵی یارمەتی دایە بۆ خەڵك لە هەموو روویەکەوە و گرنگی ئەم کۆمەڵگەیە کاری مرۆڤایەتیە لە دەستەبەرکردنی ئەرك و مافە مەدەنییەکان و پاراستنی ئازادییەکان.

٤- **سیستەمی و رێکخراوەیی:** واتە ئەندامانی هەر گروپێك یان کۆمەڵە تاکێك کە خاوەنی بەرژەوەندی هاوبەشن یان پیشەی هاوبەش دەتوانن رێکخراوێك، یان کۆمەڵەیەك دروست بکەن بۆ داکۆکی کردن لە مافەکانیان.

٥- **توانای خۆگونجاندن:** توانای خۆگونجاندنی هەیە لەگەڵ هەموو پێشکەوتنە ژینگەییەکان، خۆگونجاندن لەگەڵ ئەرکە نوێکانی و ئەو گۆڕانکاریانەی کە پێویستە ئەنجامی بدات تا لەگەڵ ژیانی سەردەم بەردەوام بێ.

٦- **رەزامەندی گشتی:** کۆمەڵگەی مەدەنی بەوە لە کۆمەڵگە نەریتییەکانی جیا دەکرێتەوە، کە تاکەکانی هەموویان بیر و بۆچۆنی خۆیان هەیە و ئازادی و دیموکراسییەکی تەواو هەیە بۆ ئاڵۆگۆڕکردنی بیرو بۆچوونەکان و کارەکانیان بەپێی رەزامەندی هەمووان دەبێت نەوەك بە سەپاندنی رای هەندێك بەسەر ئەوانی دیکە، لێرەدا هەمووان هەست بە هاوڵاتی بوونێکی تەواو دەکەن، کە دەبینن بێ هیچ جیاوازییەك بیروراکانیان وەردەگیرێت.

٧- **ڕێزگرتن لە سیستەم و یاسا کارپێکراوەکان:** دروستبوونی کۆمەڵگەی مەدەنی پێویستی بە بوونی دەسەڵاتێکی سیاسی هەیە، کە توانای هەبێتلە چەسپاندنی یاسا و جێبەجێکردنی دەستوور، ئەمەش نەوەك بەو مانایە بێت، کە داپلۆسێنەر بێت، بەڵکو ئەم کارەی وەڵامدانەوەی پێویستی تاکەکانی کۆمەڵگە بێت لە ئەم و ئاسایش و ئاشتیدا، لێرەدا هێزی کۆمەڵگەی مەدەنی لەو دایە پابەند بێت و ڕێز لەم دەسەڵاتە بگرێت کە لە خزمەتی بەرژەوەندی گشتی دایەن کۆمەڵگەی مەدەنی دەستخۆشی لەو کارانە دەکات کە لە بەرژەوەندنی گشتی دایە.

٨- **گۆڕان و ململانێی ئاشتیانە:** کۆمەڵگەی مەدەنی بەوە ناسراوە کە هەمیشە بە شێوازی مەدەنیەت بە ڕێگای ئاشتی هەوڵ دەدات رای خۆی دەربارەی بابەتەکان بگەیەنێت و بەشداری هەبێت لەهەموو بوارەکان و دروستکردنی گۆڕاندا، بە گشتی هەوڵی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەوەیە بە ڕێگای ئاشتیانە ئەم کارە بکات و پەنا بۆ توندوتیژی و گۆڕانی سیستەم نەبات، چونکە ئەگەر ئەم کارەی ئەنجامدا لە چوارچێوەی مەدەنییەکەی دەردەچێت.

## پێکهاتە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی

هەروەك روون و ئاشکرایە بۆ هەموو کردارێکی بونیاتنان کۆمەڵێك ئامرازی گرنگ هەن، کە رۆڵیان هەیە لە بونیاتنان و تەنانەت دەبنە مەرجیش، کە دەبێ بەکار ببرێن لە هەر پرۆسەیەکی بونیاتناندا کۆمەڵگەی مەدەنیش چەند بەشێکی گرنگ لە کۆمەڵگەدا هەیە کە رۆڵی سەرەکیان هەیە لە بونیاتنانی کۆمەڵگەی مەدەنی، دەکرێت وەك مەرجەکانی بونیاتنانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەژمار بکرێن:

١- **تاك:** کۆمەڵگەی مەدەنی لەگەڵ تاکدا دەست پێ دەکات بەو سیفەتەی بوونی تاك بنچینەیە لە کۆمەڵگەدا، بۆیە پێویستە جەخت لەسەر هاوسەنگی بکرێت لە نێوان ئەرك و مافی تاکدا، سیماکانی تاك کە خۆی لە (خود، ژیانی کەسی، بیروباوەڕ، سەربەخۆیی تاك، و ژیان و ئاسایش) و هەروەها لە رەخساندنی هەڵ و کۆکردنەوەی زانیاری و ئازادی و دڵنیایی لە چەوساندنەوە و بەشداری هەمەلایەنەی لەناو کۆمەڵگەدا دەبینێتەوە.

٢- **کۆمیۆن:** کە پەیوەندیەکی بەستراوی هەیە بە ژیانی تاکەوە، لەبەرئەوەی توخمەکانی ژیانی تایبەتی لە دیموکراسیەتی لیبرالی پشت دەبەستێت بە خزمەتگوزاری گشتگیر، کە گرنگن لە ژیانی وەك (کۆڕبەندەکان، مۆزەخانە، قوتابخانە، نەخۆشخانە، رێکخراو..)، ئەمانە بە گشتی بە کاری کۆمەڵی بەڕێوەدەبرێن و رۆژانە کاردەکەن لەگەڵ بابەتە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵگە لە پێشکەوتنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان، پاراستنی تاکەکان و پێگەیاندنیان و ئاراستەکردنیان بەرەو بونیادنانی سەربەخۆیی کەسایەتیان، بە گشتی ئامانجی کۆمەڵایەتی کۆمیۆنە بەستراوە بە هەموو لایەنەکانی ژیانی هاوڵاتیانەوە لەسەرەتای تەمەنەوە تا کۆتایی. هەر ئەم گرینگیەی کۆمیۆنەشە وای کردووە کە مارکس جەختی لەسەر بکاتەوە بڵێت و کۆمەڵ لە پێشی تاکەوەیە.

٣- **حکومەتی دیموکراسی:** توخمێکی گرنگە، کە رۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە پێکهاتەی کۆمەڵگەی مەدەنی، کە لە زۆربەی سەرچاوەکاندا جەخت لەسەر رۆڵی دیموکراسی

دەكرێتەوە، كە رۆڵێكی جەوهەری هەیە لە بوون و جۆری كۆمەڵگەی مەدەنی لەبەرئەوەی بەرپرسە لە دابینكردنی هەل و ئازادی و خزمەتگوزاری گشتی و پاراستن و پێشكەوتنی، لەبەر ئەمە ئەگەر حكومەت دیموكراسی نەبێت، هەل بۆ كۆمەڵگەی مەدەنی نەڕەخسێنێت ئەوا كۆمەڵگەی مەدەنی لاواز دەبێت دەكەوێتە ژێر كاریگەری و ناتوانێت كارەكانی ئەنجام بدات، تەنانەت بە ویستی خۆیشی ئاراستەی دەكات.

٤- **كەرتی كار:** دەكرێت یەكێك لە سەرچاوە گرنگەكانی (كاری خێرخوازی بێت)، كە بە لایەنی كەمەوە دوو ئەرك بەجێ دەگەیەنێت یەكێكیان بە گەورەگرتنی توانا كۆمەڵایەتییەكان و یارمەتی دانی خەڵكانی پێویست، ئەوەی دیكەش پەیوەندی نێوان دەزگا بازرگانیەكان و بەكاربەران (هاوڵاتیان)، كە مامەڵەی شارستانیانە لەگەڵ كڕیار و خۆی لە نەرمونیانی و رێز و خۆشەویستی و متمانەدا دەبینێتەوە. هەندێك لە سیماكانی كەرتی كار كە بەشداری لە كۆمەڵگەی مەدەنی دا دەكات وەك پرۆژەی ئازاد، هەڵبی كار، كاریگەری لە بازاڕ ، ئازادی هەڵبژاردن یەكێتیە پیشەگەرییەكان، بەرپرسیاریەتی كۆمەڵایەتی، كاری چاكەخوازی، مامەڵەی سەردەمیانە.

٥- **كەرتی خۆبەخشی:** كەرتێكی سەربەخۆیە و بێ بەرامبەر كار دەكات، گرنگترین بەشی كۆمەڵگەی مەدەنی یە، كاتێك پێناسەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی دەبینرێت، هیچ پێناسەیەك نی یە جەخت لەسەر خۆبەخشی نەكاتەوە، خۆبەخشی بە كەرتی یەكەم دادەنرێت و سەرەكیترینیانە و رۆڵۆ هەیە لە بڵاوكردنەوەی بەها شارستانیەتەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی. دروستكردنی هێزێكی مەدنی ئاشتی لە رێگای بەشداری خەڵك، بە ویستی خۆیان ئەم كارە دەكەن لە پێناو هاوكاری و یارمەتی دانی خەڵك و هەروەها بەشێكە لە بەشداری ئەرێنی لە ئاراستە و داڕشتنی سیاسەتی دامودەزگا كۆمەڵایەتییەكانن چالاكی خۆبەخشی دەكرێ بە روویەكی گرنگی گەشەپێدانی كۆمەڵایەتی دابنرێت.

٦- **رێكخراو و دامودەزگاكان:** بوونی كۆمەڵێك لە دامودەزگا و رێكخراو و سەندیكا و یەكێتییەكان و رێكخراوە ناحكومییەكان، كە تاكەكانی كۆمەڵگە بە ویستەوە دروستی

بکەن و ئامانجیان خزمەتکردن بێت خۆیان بە دوور بگرن لە هەموو جۆرە هەژموونێکی دەسەڵات و سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن تا بتوانن ئامانج و بەرژەوەندییە گشتییەکان بپارێزن و نەبنە ئامرازێکی خزمەتکار بۆ دەسەڵات و هێنانەدی بەرژەوەندییەکانی.

## بنەماکانی کۆمەڵگەی مەدەنی

بۆنیادنانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەهەر کۆمەڵگەیەکدا دەگەڕێتەوە بۆ بوونی چەند بنەمایەکی پێویست، کە دیاریتریان ئەمانەی خوارەوەن:

**١- بنەمای یاسایی:**

بێگومان یاسا رۆڵێکی گرنگی هەیە لە ژیانی کۆمەڵگەکان، ئەرك و مافەکان دیاری دەکات و ژیانی کۆمەڵگە بەڕێوە دەبات، بنەمای یاسایی پەیوەندنی نێوان تاك و دەوڵەت و کۆمەڵگە دەگرێتەوە لەسەر بنەمای هاوسەنگی و گرەنتی بۆ تاکەکان لە پراکتیزەکردنی ماف و ئازادییەکانیان لە رێگای دامودەزگا دەستوورییەکان، کە گەل شەرعیەتی پێ دابێت.

گرنگی یاسا بۆ دروستبوونی کۆمەڵگە مەدەنییەکان و چالاکییەکانیان وەکو زەمینە خۆشکەر وایە، لە هەمان کاتیشدا یەکێك لە رواڵەتەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەوەیە، کە تاکەکانی بەشداری لە دانانی یاساکان دەکات و سەروەری یاسا کارا دەکات تا هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە بە هەموو دەسەڵاتەکانیشیەوە ملکەچی بن و پەیڕەوی لێ بکەن تەنانەت رۆڵی دەوڵەتیش لە رێگای یاسا کارا دەبێت.

**٢- بنەمای سیاسی:**

چالاکی سیاسی یەکێك لەم چالاکییانەیە، کە مرۆڤ، ئەنجامیان دەدەات بە یەکێك لە بنەماکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دادەنرێت، کە پەیوەیستە بە بواری سیاسیەوە، کۆمەڵگەی مەدەنی جەختی لەسەر دەکاتەوە بۆ پێشکەوتنی و کارابوونی، ئەویش لە رێگەی ئازادی بیروراو بەرژەوەندییە جیاوازەکان و پێکەوەژیان و کارلێك بەرێگای ئاشتیانە. ئەگەر سەیر بکەین دەبینین هەموو ئەمانە خۆی لە چەمکی دیموکراسیدا دەبینێتەوە کە گرنگی خۆی هەیە لە رواڵەتی سیاسیدا و زەمینەیەکی

گرنگە بۆ گەشە و سەرهەڵدانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەهەر کۆمەڵگەیەکدا، کاتێك دیموکراسی پراکتیزە بوو لە ئازادی بەشداری سیاسی و رەخساندنی هەلی یەکسان و فرەیی سیاسی و ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتن کە لەهەمیان کاتدا ئەمانە لە بنەما سیاسیە سەرەکییەکانن بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی تا بەشێوەی پراکتیکی دەردەکەوێت، دیموکراسی لەسەر ئیرادەی گەل دەوەستێت، کە بە ئازادی بڕیار دەدەن لەسەر سیستەمە سیاسیی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و کەلتووری و بەشداری تەواویان هەیە لە هەموو لایەنێك لەلایەنەکانی ژیان. دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنی وەکو پەیوەندیەکی بەهێز لە نێوانیاندایە هیچیان بێ ئەویتر تەواو نی یە؟

**بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین ئەو بنەما سیاسیانەی کە رۆڵیان هەیە لە بەدیهێنانی کۆمەڵگەی مەدەنی و گرنگی پێدانی لەم چەند خاڵە کۆبکەینەوە، کە ئەمانەن:**

أ– بەشداری تاکەکانی کۆمەڵگە لە دیاریکردنی دەسەڵات و دامودەزگاکانی کۆمەڵگە و پرسەکان بە گشتی.

ب– یەکسانی لە نێوان تاکەکان و رەخساندنی هەلّی یەکسان بۆ هەموویان بێ جیاوازی رەنگ و رەگەز لە بەشداری سیاسی و ئازادی دروستکردنی دامودەزگاکان و رێکخراوەکان.

ج– چارەسەرکردنی کێشەکان بەشێوەی ئاشتیاننە و قبولکردنی بیروڕای جیاواز.

د – فرەیی لە پارت و رێکخراو و دامودەزگاکان و بیروڕای جیاواز، کە کۆمەڵگەی مەدەنی هەردەم جەختیان لەسەر دەکاتەوە بە بوونی ئەمانە پێگەی ئەویش بەهێز دەبێت.

هـ ـ دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات لە نێوان پارت و رێکخراوە سیاسیەکان.

## ٣- بنەمای ئابووری:

بنەمای ئابووری رۆڵێکی گرنگی هەیە لە دیاریکردنی سروشت و رواڵەتی هەر کۆمەڵگەیەك و جێگا گرنگی پێدانی دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنی یە. لە کاتێکدا دەوڵەت خاوەنی دەسەڵاتە و چۆنی بیەوێت ئابووری وڵات بەو ئاراستەیەی دا دەبات. بەڵام بونیادی ئابووری کۆمەڵگەی مەدەنی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بوارێکی فراوان لەبەردەم تاکەکانی کۆمەڵگە فەراهەم بکرێت بۆ چالاکییە ئابوورییەکان. لە رابردووشدا ئەوە دەرکەوتووەن کە دەوڵەت ناتوانێ بە تەنیا پرۆسەی گەشەپێدان بەڕێوەببات بەبێ هاوکاری و بەشداری پێکردنی چین و توێژە جیاوازەکان، لەکاتێکدا کۆمەڵگەی مەدەنی نوێنەرایەتی چین وتوێژەکان دەدات دەبێتە هاوبەشێکی گرنگ بۆ دەوڵەت لە پێشەوەبردنی ژیانی کۆمەڵگەو بازاڕ و ئازادکردنی کەرتە تایبەتەکان لە دەستێوەردانی دەوڵەت و پاراستنی سەربەخۆیی و چالاکییە ئابوورییەکانیان و نەهێشتنی بەربەستەکان و سوودمەندبوونی هەمو وچین و توێژەکان و بەدیهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، کە کەرتە ئابووری و پیشەییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش دەگرێتەوە. هەروەها لەبەرچاوگرتنی هەمەڕەنگی لە چالکییە ئابووریەکاندا گرنگیخۆی هەیە بۆ هەر توێژێك لەگەڵ رەچاوی یەکسانی و گەشەپێدانی گشتگیر، کە کۆمەڵگەی مەدەنی جەختیان لەسەر دەکاتەوە لە هەر پرۆسەیەکدا کە گەشەی هەر بەشێك رەنگدانەوەی لەسەر ئەوەی دیکە هەیە، لەبەرئەمە گەشەپێدانی گشتگیر بە پرۆسەیەکی هەمە لایەنە دادەنرێت.

**بۆیە بونیادی ئابووری گرنگیەکی تایبەتی هەیە لە کۆمەڵگەی** مەدەنی دا، بەو وەسفەی کە کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەرەتادا لە کۆمەڵگە پیشەسازییەکاندا

هاتە بواری پراكتیكەوە، كە ئابووری جێی بایەخ پێدانیان بوو كە مەبەستیان باشتركردنی شێوازی ژیانیان بوو هەر لەبەر ئەمەشە هەندێك لە سەرچاوەكان كۆمەڵگەی مەدەنی بە كۆمەڵگەی ئابووری ناو دەبەن و پێیان وایە تا بنەمای ئابووری نەچەسپێ و مرۆڤەكان ئازادی ئابووری بەدەست نەهێنن، گەیشتن و بە دەستهێنانی ئازادییەكانی دیكە و مافە مەدەنییەكان بە كردەوە ناهێتەدی.

**٤- بنەمای كۆمەڵایەتی:**

كۆمەڵگە بۆ ئەوەی ببێتە مەدەنی دەبێ كار بكات بۆ ئەوەی هەموو ئینتمایەكی لاوەكی و بەش بەش یان بەش بەشكراوەكان لە بۆتەی كۆمەڵگەوە بتوێتەوە، چ لەسەر بنەمای خێلەكی یان ئایینی یان ئایینزایی یان تیرەگەری یان ناوچەیەكی جوگراف، یاخود شار دروست ببێ و گشتیان لە چوارچێوەیەكی فراوان لە پێناو ئینتیما بۆ نیشتمان كۆ ببنەوە، ئەمەش لە پێناو نەهێشتنی هیچ ڕووداوێك لە ڕووادوەكانی دەمارگیری، دواتر بەرجەستەبوونی ئەم ئینتیمایە لە پرەنسیپی (هاووڵاتیبوون) تا شوێنی ئەو ئینتیمایە نەریتیانە بگرێتەوە، كە لە دایك بوونەوە بە تاكە كەسەوە بەستراوەتەوە و هیچ ئارەزوویەكی خۆی و ویستیكەسی لەگەڵدا نییە، لەمەوە كۆمەڵگە لە ڕێكخستنە نەریتیەكان ڕزگاری دەبێت.

هەستكردن بە هاووڵاتیبوون یەكێكە لە بنەما سەرەكییەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی و كۆڵەگەیەكە دژی پرۆژەكانی جەنگی ناوخۆ بەهۆیەوە ئاشتی كۆمەڵایەتی بەدەست دێ، هەرچەندە پلەی ڕۆشنبیری زیاتر بێت بونیادی كۆمەڵگەی مەدەنی لە بواری كردەییدا بەهێزتر و كاراتر دەبێت، لەلایەك و لەلایەكی دیكەوە ئەم ڕۆشنبیرییە لای تاكەكان سەردەكێشێ بەرەو بەشداری كارای تاكەكان لە ڕای گشتیدا. چونكە ئەوانەی ڕۆشنبیرییەكی باشیان نەبێت ناتوان قسە و باس لەسەر ڕای گشتیدا بكەن، بۆیە لێرەدا خەلكانی ڕۆشنبیر و دەستەبژێر ڕۆڵی گرنگیان هەیە لە دروستكردنی ڕای گشتی، چونكە ڕای گشتی یەكێكە لە سیما هەرە

گرنگەکانی بونیادی کۆمەڵگەی مەدەنی، کە لە ڕێگەیەدا چەندان بابەت و پرسی گرنگ دەوروژێنیٚ بە مەبەستی چارەسەرکردنیان و پاراستنی بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵگە. لەلایەکی دیکەوە ڕۆشنبیری زانستی کاریگەریەکی گرنگی هەیە لە بونیاتنانی هاووڵاتیەکی هۆشیار و کارا بۆ پراکتیکی کاری کۆمەڵی لە چواچێوەی دامودەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و بڵاوکردنەوەی بەها شارستانیە ئاراستەکراوەکان بۆ بونیاتنانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی، بە گشتی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری مەدەنی لەلایەن چەند کەناڵێکەوە سەرچاوە دەگریٚ، وەك خێزان و دەزگاکانی دیکەی پەروەردەیی بە هەموو قۆناغەکانیەوە دواتر ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیا و پیشەسازی.

## دامودەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی

دوای شەڕی جیهانی دووەم بەهۆی ئەو نەهامەتییەی کە ئەم شەڕە لەگەڵ خۆیدا هێنای، دواتریش کە شەڕی سارد لە نێوان ئەمەریکا و یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو دەستی پیٚ کرد، هەروەها دروستبوونی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە کۆمەڵێك بڕیاری تایبەت بە مافەکانی مرۆڤـ، دەرکردلە نێوانیاندا ڕاگەیاندنی (جاڕنامەی مافی مرۆڤـ) ی جیهانی ساڵی (١٩٤٨)، کە لە ماددەی (٢٠)دا هاتووە:

**یەکەم:** (هەموو کەسێك مافی ئازادی بەشداریکردنی هەیە لە کۆمەڵە و گروپە ئاشتییەکان).

**دووەم:** (نابێت زۆری لە هیچ یەکێك بکرێت بچێتە ناو هەر کۆمەڵەیەکەوە).

بەو سیفەتەی مرۆڤە و لە بیرکردنەوە و بڕیاردان لەسەر چارەنووس و کارەکانی ئازادە. ئەو ڕووداوانەی ئەمڕۆ بوونەتە کێشە و هەڕەشە لە جیهان دەکەن وەك: (ناجێگیری دارایی، کارەساتە ژینگەییەکان، تیرۆر ، مادە بیٚ هۆشەکەرەکان ، شەڕ و کێشە سیاسییە ناوخۆییەکان و نەخۆشییە درمەکان بە گشتی ئەمانە کاریگەریان هەیە لەسەر خەڵك لە هەموو شوێنێك و قەبارەکەی گەیشتۆتە رادەیەك، کە هیچ وڵاتێك لە توانای دا نی یە بە تەنها ڕووبەڕوویان ببێتەوە، بۆتە جێگەی باس و گرنگی پێدانی دامودەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕۆڵیان زیاد دەکات لەبەر ئەوەی شانبەشانی دەوڵەت بەشداری لە چارەسەری و هاوکاری خەڵك دەکات، ئەگەر چی لە لایەن هەندێك لە وڵاتانەوە ئازادی بەرتەسك دەکرێتەوە و کێشە و بەربەستی بۆ دروست دەکرێت.

بە پێی پۆلێن کردنی نەتەوە یەکگرتووەکان، دامودەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەمانە دەگرێتەوە:

١- ڕێکخراوە جەماوەرییەکان:

ئەم ڕێکخراوانەن کە بە فەرمی بونیاد دەنرێن، بە شێوەیەکی کاتی نەوەك بەردەوام ئەو ئەندامانە دەگرێتەوە کە نوێنەرایەتی بەرژەوەندی دەستەکان یان گروپەکان دەکەن، گرنگترینی ئەم ڕێکخراوانە لە ناو نەتەوە یەکگرتووەکان ئەمانەن: (ئەو ڕێکخراوانەی کە نوێنەرایەتی ئافرەتان و منداڵان و جوتیاران و بێکاران و گەلە ڕەسەنەکان و پیر و پەککەوتەکان و کەمینەکان و چین و توێژە جیاوازەکان و... تاد).

٢- ڕێکخراوە پیشەییەکان: ئەو ئەندامانە دەگرێتەوە کە نوێنەرایەتی خەڵکانێك دەکەن لە کار یان هەوڵی بەکارخستنی دەدەن، گرنگترینیان لە ناو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بریتین لە سەندیکاکانی کرێکاران و یەکێتییە نێودەوڵەتییەکان کە سەندیکا و پەیوەندییە پیشەییەکانی تر و ناوەندە زانستی و تەکنەلۆژییەکان و پەیوەندییە / یەکێتیەکانی کشتوکاڵی و هاوکاری و بەرهەمهێنەران دەگرێتەوە.

٣- ڕێکخراوە ئاینییەکان: ئەم ڕێکخراوانە لە زۆربەی کاتەکاندا ئەو ئەندامانە دەگرێتە خۆی کە خۆیان یەکلای کردۆتەوە بۆ خواپەرستی یان بۆ پاڵپشتی بیروباوەڕێکی دیاریکراو یان ئەوەی لێکچوویەتی بۆ بەدیهێنانی بابەتێك لە نەتەوە یەکگرتووەکان گرنگترینی ئەم ڕێکخراوانە بریتین لە ڕێکخراوە ئاینییە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوە هاوبەشکانی نێوان ئاینەکان و ڕێکخراوی گەشەپێدانی ئاینێکی دیاریکراو.

٤- بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و تۆڕەکانی شاڵاو: ئەو پەیوەندییە جەماوەرییە ئازادانەیە خەڵکانێك دەگرێتەوە، کە ئەزموونی هاوبەشیان هەیە وەکو بزووتنەوەی جوتیارییە چەوساوەکان و بزوتنەوەی دژی جیهانگیری و

بزووتنەوەکانی ئافرەتان لێرەدا تێکەڵییەك هەیە لە نێوان ئەم دەستانە و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان بە تایبەت ڕێکخراوە ناحکومییەکان.

٥- ڕێکخراوە ناحکومییەکان ( NGO) کە سوودی بۆ خەڵك بەگشتی هەیە، لە ڕێگای پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری دیاریکراو یان لە ڕێگای چالاکی کۆمەڵایەتییەوە و زۆربەی ئەم ڕێکخراوانە ئەو ئەندامانە دەگرێتەوە کە بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە، زۆربەیان ڕێکخراوی هاریکارین یان پێشکەشکاری خزمەتگوزارین، لەبەرئەوەی پرۆگرامەکانی سنووری ئەندامانی تێدەپەڕێنێ، ئەم ڕێکخراوانە ڕێکخراوەکانی پاراستنی ژینگە و گەشەپێدان و ڕێکخراوی پزیشکانی بێ سنوور و ڕێکخراوە ناحکومیەکان خۆبەخشەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، و ڕێکخراوی بەکاربەران و هاوکارییەکان و ڕێکخراوی چەك دەگرێتەوە.

هەندێك لە سەرچاوەکانی دیکە، تەنانەت پارتە سیاسییەکانیش بە بەشێك لە کۆمەڵگەی مەدەنی هەژمار دەکەن، بەو سیفەتەی کە هەر تاکێك تیایدا دەبێتە ئەندام بە ویست و ئیرادە و بیروباوەڕی خۆیەوە بەشداری تێدا دەکات بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییە سیاسییەکانی، لەم پارتانە جۆرێك لە ڕێکخستنی مەدەنی تێدایە و تەمەنی درێژە و زۆری پارتەکانیش ئاماژەیەکە بۆ فرەیی لە بیروبۆچوون و دروستکردنی رای جیاواز.

بە شێوەیەکی گشتی ئەم ڕێکخراوانە چەندین کۆنگرەی جیهانیان بەستووە کە تیایدا ئاماژەیان بە فکر و پێشنیازی نوێکردووە بۆ باشکردنی بارودۆخی مرۆڤایەتی لە هەموو بوارەکانی ژیانیدا، ڕۆڵی خۆیان گێڕاوە لەم کارەیاندا، بە تایبەت لە هەردوو دەیەی کۆتایی سەدەی رابردوو کە بووە هۆی پێشکەوتنی بەرچاو لە دانپێدانانی جیهانی بە مافەکانی مرۆڤ، و نەهێشتنی مەترسییەکان، هەڵبەتە ئەم پرۆسەیە بەدەوامە بۆ بونیاتنانی یاسایەکی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ،، کە پشت بە کۆمەڵێك یاسا و ڕێسا ببەستێت کە هەموو جیهان لەسەری ڕێککەوتبن بە دانپێدانان بە تاکەکان

نەوەك بەو سیفەتەی کە کەسێکی یاساییە یان خەڵکی چ وڵاتێکە، رەگەزێکە، چینێکە....تاد، بەڵکو بەو سیفەتەی کە مرۆڤە مافی مرۆڤبوون و ژیانی هەیە.

رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان رۆڵێکی سەرەکی بینی لە هاندان و پاڵپشتی کردنی بەردەوامی بەشداری لە دامودەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە پرۆسەی گفتوگۆ و راوێژکردن، کە بووە هۆی سەرهەڵدانی رێکخراوی رێکخراوی سیاسی و دیموکراسی زیاتر.

بە گشتی رێکخراوە ناحکومییەکان رۆڵێکی گەورەیان هەیە لە دابەشکردنی هاوکاری و خزمەتگوزاری لە وڵاتە هەژارەکاندا، تەنانەت ئەگەر حکومەت خۆی سەرچاوەی ئەو یارمەتیەش بێت، لەبەر ئەم رۆڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان بەردەوام گرنگی زیاتر بەم رێکخراوانە دەدات لە پاڵپشتی کردنیان و هاوکاریان بۆ ئەرکەکانیان تەنانەت پاڵپشتیان بۆ پابەندنەبوون بە سەروەری رەهای دەوڵەت لەسەر کۆمەڵگە. هەر لەبەرئەوە نەتەوە یەکگرتووەکان لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو بۆ بڕیارێك لەسەر یارمەتیدانی مرۆیی خێرا دەنگی دا، کە بواری بۆ رێکخراوە ناحکومییەکان رەخساند، کە پێشێلی سەروەری دەوڵەت بکەن لە پێشکەشکردنی هاوکاری پزیشکی و خۆراکی یان مرۆڤایەتی بۆ ئەو کۆمەڵانەی تووشی هەڕەشەی مەترسیدار بوونەتەوە وەك کوشتن، برسیەتی، رووداوە سروشتییەکان.

# رۆڵی راگەیاندن لە بونیاتنانی کۆمەڵگەی مەدەنی دا

بەشێوەیەکی گشتی راگەیاندن چەندان رۆڵ و ئەرکی کارا دەگێڕێت لە ناو کۆمەڵگەدا بە هەردوو لایەنی ئەرێنی و نەرێنی، چونکە ئەم بابەتە بابەتێکی گرنگە و بووەتە خاڵێکی گرنگی پێدانی کۆمەڵگا تازەپێگەیشتووەکان، کە لە دەیەی سەدەی بیست و یەکدا بە رووی جیهاندا کراونەتەوە یان لە قۆناغی گواستنەوەی دیموکراسیدان.

لەلایەکی دیکەوە، لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکاری و پێشکەوتنە گەورانەی کە شۆڕشی تەکنەلۆژیا لەگەڵ خۆیدا هێنای سنوورە جوگرافییەکانی بەزاند ، گەلانی هۆشیارکردەوە بە لایەنە جیاوازەکانی ژیان و کۆمەڵگەی کوردیش بێ بەش نەبووە و سودی لێ وەرگرتووە.

هەر یەك لە فەیلەسوفەکانی کۆمەڵناسی (مارکس فیبر و دورکهایم و سبنسر) بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگە جەخت لەسەر پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا دەکەنەوە، کە پێشکەوتنی راگەیاندنیش بەشێکە لەم پێشکەوتنە.

راگەیاندن گرنگی و تایبەتی خۆی هەی لەبەردەم کۆمەڵێك ئەرکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتووری و ژینگەیی دایە، کە پێویستە پێی هەڵسێ و شانبەشانی ئەمانەش لە پێگەیاندنی تاك و ئاراستەکردن و باوەڕپێهێنانی و هۆشیارکردنەوە و گۆڕینی لە تاکێکی بەکاربەر بۆ تاکێکی کارا تا هەست بە بەرپرسیارێتی بکات لە رێگای بەشداری و چالاکی مەدەنیانەی، کە ئەمەش گەشەپێدانی تواناکانی تاکە لە رۆڵ و کاریگەریدا.

هەروەها ئەو رۆڵەی راگەیاندن شانبەشانی ناوەندە پەروەردەیی و ئەکادیمیەکان دەیگێڕێت لە پێگەیاندنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەکردن و رۆشنبیرکردن و بابەتە پەروەردەییەکانی منداڵان و رۆشنبیرکردنی ئافرەتان و

بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری چین و توێژە جیاوازەکان بە ئەرك و مافە سیاسیەکان و دروستکردنی رای گشتی و گۆڕینی ئاراستە و بەهاکان، کە گرینگیەکی تایبەتی هەیە لە چوارچێوەی گەشەپێدان بە تایبەت ئەو بەهایانەی کە دەبنە رێگر پرۆسەی گەشەپێدان بە ژینگە، هەروەك زانای کۆمەڵناسی (روبرت میرتۆن) جەخت لەسەر رۆڵی راگەیاندن دەکاتەوە لە گۆڕینی ئاراستە و بەهاکان و رۆشنبیرکردنی گشتی و هاریکاری کۆمەڵایەتی و بونیاتنانی موڵکداری و چۆنیەتی کاریگەری لەسەر ئارەزوو. کە ئەمانە لە پێویستییەکانی بونیاتنانی کۆمەڵگەی مەدەنییە و جەختیان لەسەر دەکرێتەوە.

**ئەرکەکانی کاری راگەیاندن لە بونیاتنانی کۆمەڵگەی مەدەنی**

١- گرنگی دان بە ئازادییەکان و پرەنسیپەکانی دیموکراسی و ئەرك و مافەکان و هاووڵاتیبوون و ئەو بنەمایانەی کە پێویستن لە بناغەی کۆمەڵگەی مەدەنی لەهەر کۆمەڵگەیەکدا بونیان هەبێت.

٢- چاودێرکردنی کاری حکومەت و دۆزینەوە و دەرخستنی گەندەڵییەکان و بەرگریکردن لەو بەها و پرەنسیپانەی کە کۆمەڵگەی مەدەنی پێی ناسراوە.

٣- چاودێری کردنی مافەکانی مرۆڤ، و پرسە مەدەنییەکان.

٤- بڵاوکردنەوەی کەلتوور و پراکتیکی دیموکراتیانە و گەشەپێدان بە بنەمەکانی، چونگە پراکتیزەکردنی دیموکراسی زەمینەیەکی لەبارە بۆ سەرهەڵدانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

٥- پاڵپشتی کردنی پرۆسەی بونیاتنانی دامودەزگاکان و گۆڕینی کەلتووری سیاسی بە گشتی لە کۆمەڵگەدا.

٦- پێویستە رۆڵی راگەیاندن لە بونیاتنانی کۆمەڵگەی مەدەنی رۆلێکی گرنگ بێت کە فرەڕەنگی و فرەدەنگی تێدا بێت و کارەکانی بەشێوەیەکی دامەزراوەیی بێت و بەهاکانی پێکەوە ژیان و لێبوردەیی رێزگرتن لە بەها بەرزەکانی دەبێت.

٧- بەشداریکردنی کارا لە هەموو بوارەکانی ژیان لە هۆشیارکردنەوە و گەشەپێدانی کۆمەڵگە. و گۆڕینی کۆمەڵگە لە کۆمەڵگەیەکی نەریتییەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی سەردەمی و مەدەنی کە یارمەتیدەر بێت بۆ بەشداریکردنی هەمەلایەنی تاکەکان لە بوارە جیاوازەکان و بەرزبوونەوەی ئاستی زانیاری و هۆشیاری و بژێوی ژیان و هەنگاونان بەرەو داهێنان.

٨- راگەیاندن رۆلێکی گرنگ دەگێڕێت لە بونیاتنانی کۆمەڵگەی مەدەنی جیهانی، کە لە رێگەی ئامرازەکانی گەیاندنەوە دامودەزگا مەدەنییەکان پەیوەندی لەگەڵ یەکتر دروست دەکەن و پشتگیری لە یەکتر دەکەن، هەموویان پێکەوە تۆڕێکی فراوانیان دروستکردووە بۆ داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ، بە گشتی و گەشەپێدانی و بابەتی دیموکراسی ژینگە لە یەك کاتدا.